

# پیکاسۆی داهێنەر

ئامادەکردنی
ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی
هەولێر

سەدەی بیستەم بەهەموو داهێنانێکی‌یەوە کە لە سەرجەم بوارەکانی ئەدەب‌و هونەردا هێنایە کایەوە ئەگەر ناو . . و . . بەرهەمەکانی – پیکاسۆ – ی دەگەڵ‌دا نەبێت ئەوا دەستەپاچە دەوەستێت چونکە ئەو شۆڕشە مەزنەی کە ئەو کەڵە هونەرمەندە لە بواری هونەردا بەرپای کرد تا ئێستا سەرجەمی مرۆڤایەتی پیٚ‌ی سەرفیرازە .

وەنەبێت – پیکاسۆ – تەنها هونەرمەندێکی لێهاتوی ئەم چەرخە بێت بەڵکو یەکێکە لەوانەی کە کودەتایەکی گەورەی لەبیرو باوەڕی ئەو سەردەمە بەرپا کردو . . زانای دەروون‌ناس – کاول یۆنگ – واتەنی :

«پیکاسۆ ئەو گەنجینە گەورەیە کە چەندان سەدەی تر پێویستە بۆ ئەوەی بەتەواوی بیدۆزینەوە .» .

دوای ئەوەی کە لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨١ خاتوو «ماریا پیکاسۆ لۆپیز .» کۆرپەیەکی هێنایە سەر ئەم زەمینە ، «جۆزیە ڕۆیز بلاسکۆ»ی مێردیشی بەوە بەختەوەربوو . . کورە نۆبەرەکەیان بە – پاپلۆ – ناودێر کرد تا هەراش بوو واتا : لە ساڵی ١٨٩١ ز – پاپلۆ – وەکو بەهرەمەندیٚ لە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی شاری – کۆرۆنیا –ی ئیسپانیاوەرگیرا تا وای لێهات گرەوی لە مامۆستایەکانی خۆی دەبردەوە ، بەم جۆرە – پاپلۆ – بووە ئەو هونەرمەندەی کە تا ئێستا قەڵەمی سەدان نووسەرو ڕەخنەگر بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی لە کاردان ، وا دیاریشە کە ئەو هونەرمەندە نازناوی – پیکاسۆ – ی لە دایکیەوە بۆماوەتەوە .

ژیانی هونەری ئەو داهێنەرە خۆی لە خۆیدا پانورامایەکە چونکە هەر ئان‌و ساتیٚ بیویستایە داهێنانێك بێنێتە کایەوە دەکەوتە گەڕان‌و سۆراخ کردن یا باشتر بڵێین ژان دەیگرت تا ئەو ساتەی بەرهەمەکەی تەواو دەکرد ئینجا هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد .

– پیکاسۆ – ویستویەتی کە هەم تێکدەرو هەم بنیات نەر بێت ئەگینا – ڕۆجیە گارۆدی – لە کتێبەکەیدا – واقعیة بلا ضفاف – نەیدەووت :

«ئەو هونەرمەندە پاڵێکی وای بە هونەری تەشکیلی‌یەوە نا



که بەشەش چەرخی مێژووی خۆیدا بچێتەوە .» .

سەدەی بیست بەو هەموو نەهامەتیو بگرەو بەردەیەی کە پێیوە دەناڵێنێت ئاخۆ دەبێت دەوری هونەرمەند لەو گێژەنەدا چی بێت ؟

– پیکاسۆ – یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی کە ئەم گێژەنە سووری پێ خواردووە بۆیە هەوڵی داوە کە پرسیارەکە بێ وەڵام نەهێڵێتەوە :

«ئەو شتانەم ڕەسم کردووە کە خۆم دەیانبینم ، نایەتە بیرم کە شتێکم نەدیبێو ڕەسمم کردبێت .» .

بێگومان شتەکانیش هەموویان لەبەر چاوانن بۆ نموونە تابلۆی – جێرنیکا – کە تەعبیر لە شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیا دەکات یەکێکە لەو شاکارانەی کە لە ئەنجامی دیتنی شتەکان بە زیندوویی هاتۆتە کایەوە .

بۆی هەیە لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵبداتو تا ڕادەیەکیش پرسیارێکی لەجێو شیاو بێت ئەمیش ئەوەیە کە ئاخۆ لەبەر چی ئەم هەموو بایەخە بە – پیکاسۆ – دراوە لە کاتێکا چەندان کەڵە هونەرمەندی تر هاوچەرخی ئەم بوونو بەو ڕادەیە لێیان نەکۆڵدراوەتەوە ؟

ئەگەر بمانەوێت وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم پرسیارە لە جێیە بدۆزینەوە پێویستە لە بەرهەمەکانی هونەرمەندەوە دەست پێ بکەین .



یەکێك لە سیمایە هەرە دیارەکانی بەرهەمی هونەری – پیکاسۆ – قووڵیو هەمەڕەنگیە ، چونکە ئەو هونەرمەندە تەواو شارەزای فۆرمو کەلەبەرەکانی هونەری تەشکیلی بووە هەر لە تابلۆی زەیتیەوە بگرە تا دەگاتە هەڵکۆڵینو داتاشین واتە لایەنێك لە هونەرەکەدا نەماوە کە ئەم پەی پێ نەبردبێتو تیایدا داهێنانی دروست نەکردبێت . ئەگەر سەیری هێڵکاریەکانی بکەین دەبینین کە بەقەد تابلۆیەکانی پڕ چێژو داهێنانو ژمارەی هێڵکاریەکانیش خۆیان لە دوو هەزار دەدەن کە تیایاندا فرە ڕێگای بۆ دروست کردنیان بەکار هێناوە لەمانە :

- **ڕەسم کردن بەقەڵەمی ڕەق لەسەر تەنە کانزا — Dry Point**
- **هەڵکۆڵینی تەنەکەی کانزاو بەرد Lithograph**

ئەمە لەلایەك وە لە لایەکی ترەوە – پیکاسۆ – هەر لە لایەنێکدا سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە بەڵکو لە چەندان لایەنی تر هونەرمەندانە هەڵسوکەوتی کردووە ، بۆ نموونە لە بواری بەکارهێنانی ڕەنگدا ئەوەندە وەستایانە هەڵسو کەوتی تا وای لێهاتووە چەند قۆناخێکی ژیانی هونەری بە جۆرە ڕەنگێك ناودێر کراوە لەمانە :

قۆناخی ڕەنگ شین : لە ڕۆژگارێکی دیاریکراودا ڕەنگی شین کە ڕەنگی ئازارو گۆشەگیریو هەژاری – پیکاسۆ – بووە باڵی بەسەر تابلۆیەکانیدا کێشاوە .



قۆناخی ڕەنگ پەمەیی : لە کاتێك دا - پیکاسۆ - دەنێو پاریس دا هاموو شۆی نووسەران و ڕۆشنبیرانی ئەوی ی دەکرد ڕەنگی پەمەیی بە تابلۆیەکانیەوە دیاربوو وا پێدەچوو کە لە جیهانی لیبۆکانەوە هەڵی هێنجابێ .

پاریس کە مەڵبەندی داهێنان و ئەدەب و هونەری هاوچەرخە لەهەمان کات دا سەرچاوەی سەرهەڵدانی چەندەها تەوژم و ڕێبازی هونەری و ئەدەبی جۆراو جۆرە ، - پیکاسۆ - ش کە لەوێدا ژیا بێت بێگومان هەڵسو کەوتی دەگەل زوربەی ئەو تەوژم و ڕێبازە هونەریانە بەڵام چۆن هەڵسوکەوتێك ؟ بێگومان هەڵسوکەوتێك بەپێ ی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی خۆی ، بۆنموونە کە - سوریالیزم - سەری هەڵدا - پیکاسۆ - دراوسێی تی کردن نەك لایەنگیریان بکات تەنانەت بەشداری چەند پێشانگایەکیشی کردن ئەمە جگە لەوەی کە هونەرمەند لە قۆناخی - کۆبیزم - دا سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا .

یەکێك لە سیمایە هەرە دیارەکانی داهێنان دۆزینەوەی ڕێگاو چارەسەری نوێ یەو پیشان دانی بەرهەمێکە کە تەعبیر لە کێشەو ئازاری سەردەم بکات - پیکاسۆ -ش هەر لەم پێودانگەوە فڵچەو پەرەمووچی خستۆتە کارو ویستویەتی جۆرە دڵەراوکێیەك لای بینەر دروست بکات کە ئاوڕ لە ئێستاو رابووردووی بداتەوە ، ئەو هونەرمەندە لە پێناوی دەستمایەو مسۆگەر کردنی پارەو پوول هونەرەکەی نەخستە کار بەڵکو لە پێناوی تەعبیر کردن لە ئازارو جەورو هەستو نەستی مرۆڤ دا ئەو بەزمەی نایەوەو . مرۆڤ لای ئەو ئەوەندە پیرۆز بوو خۆی واتەنی .

**«خۆزیا دەمتوانی بەتەواوی دایبڕێژم .»** .

هەر بۆیەشە بەهەموو توانایەوە هەوڵیدا شکڵە بۆگەن و رزیوەکەی کە خۆی کردبووە دەمامکی هونەر تێك بشکێنێ و ڕووپۆشێکی پڕ لە داهێنانی پێوەکات ، هەر بۆیەشە بەهاریکاری هونەرمەند - جۆرج براك - ڕێبازی - کۆبیزم - یان ڕەنگرێژ کردوو . وەبەیەکێك لە دامەزرێنەرانی تازەگەری کلاسی خواز دەژمێردرێت بۆ نموونە زنجیرە تابلۆیەکانی - ژنەکانی ئەڤینیۆن - و ئەو تابلۆیانەی کە ژیانی پاریسیەکان پیشان دەدات خۆی لە خۆیدا یاخی بوونێکە لە سەر ئوسلووبە تەقلیدیەکە هەر بۆیەشە یاخی بوون و تێکشاندنەکە لە سنووری فەرەنسا چووە دەرەوەو بەهەموو جیهان دا بڵاوبۆوە تەنانەت یەکێك لە ڕەخنەگرە هونەری یەکان دەڵێت :

**«هەر هونەرمەندێکی نوێ بیەوێت هاوچەرخانە بێت پێویستە - پیکاسۆ - مۆری بۆ لێ بدات .»** هەر بۆیەشە هونەر بە بەهێزترین خەمخۆرو پاڵپشتی مرۆڤ دەژمێردرێت . ئەو قەڵاتە بەرزەی کە ئەو هونەرمەندە داهێنەرە بنیاتی نا بووە هۆی ئەوەی کە چەندان ڕێبازی هونەری لە ژێر سێبەرەکەیدا بحەسێنەوە .

بەم جۆرە - پیکاسۆ - هونەری تەشکیلی گەیاندە ئاستێکی وا کە سەرجەم هونەرەکە بەلای ناخ و ئاوات و خەونی مرۆڤ دا بشکێتەوە . . ئیتر لە ٨ ی نیسانی ساڵی ١٩٧٣ مەرگ توانی ئەو فیلەتەنە گەورەیە بدا بە ئەرزاو بەڵام دوای چی ؟ . . دوای ئەوەی کە مرۆڤایەتی سەرتاپا خۆی بە قەرزاری - پیکاسۆ -ی داهێنەر دەزانێت .

**فەرهەنگۆك :**

| | |
|---|---|
| کودەتا = انقلاب | هێڵکاری = تخطیط |
| بەهرەمەند = موهوب | تەنەکانزا = الجسم المعدني |
| هەڵکۆڵین = حفر | لیبۆك = مهرج |
| داتاشین = نحت | کۆبیزم = التکعیبیة |

**سەرچاوەکان**


١ - حاضر الفن - هربرت رید .
٢ - گۆڤاری - الدستور - ژمارە (٣٩٣) ئەیلوول ١٩٨٥ لاپەرە ٦٨، ٦٩- - بیکاسو وحوار الخطوط - بلند الحیدري .
٣ - رۆژنامەی - القادسیة - ژمارە ١٨٤١، ١٩٨٦/٦/١
٤ - گۆڤارەکانی - فنون - فنون عربیة - الأفق .